www.kurdistannet.org
13-10-2006 21:38 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئاڵای بەعس تاکو ئێستا لە ئاسمانی تەوێڵەدا دەشەکێتەوە

پاش ئەوەی بە بڕیارێکی بوێرانەی سەرکردایەتی کورد و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەرچی ئاڵای بەعسە لە خاکی کوردستان هێنرایە خوارەوە و تووڕدرایە ناو زبڵدانی مێژووەوە و هەرچی بەعسیی و شۆڤێنیستە عەرەبەکانە، بارەیەیان لێ هەڵستا و هاتووهاوارە کەیان بەدەردیان نەی خوارد و بڕیارەکە جێبەجێ کرا. بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا ئەو ئاڵایەی شایەنی ئەوەش نییە پێڵاوی قوڕاوی منداڵە شەهیدێك یان بەجێماوێکی ئەنفالی پێ بسڕدرێت، بە ئاسمانی تەوێڵەوە لەسەر بازگەی پاسەوانانی سنورەوە دەشەکێتەوە. دیارە ئەو بەڕێزە کوردانەی کە لە هێزی پاسەوانانی سنووردان، لەناو خاکی کوردستاندا پێشێلی بڕیارەکان دەکەن و ملکەچی ئاغاکانیان لە بەغداد و فەرمانەکانی وەزارەتی ناوخۆی عێراقیان لەلا گرنگترە لە بڕیارەکانی سەرۆکایەتی هەرێم... کوردستان نێت

